## زانایانی کورد

پێش ئەوەی باسی کتێبی ئەم جارە بکەم با بڵێم سەیری کتێبێکی دیکەشم کرد کە بە عەرەبی نووسراوە و ناوی "اعلام الکرد"ە. نووسەرەکەی واتە "میر بصری" کتێبەکەی بە گوێرەی جوغرافیای کوردستان دابەش کردوە و لە کوردانی تورکیا، عیراق و سووریا دواوە بەڵام ئاوڕی لە کوردی ئێران نەداوەتەوە. هەر بۆیەش لێرەدا باسی لێوە ناکەم و ئەم روونکردنەوەیەشم بۆیە نووسی کە پێویست نەکات بۆ ئەم کارە تایبەتە سەردانی کتێبەکە بکرێت.

بە پێچەوانە، کتێبی زانایانی کورد نووسراوی مامۆستا محمد صالح ئیبراهیمی(شەپۆل)، زانیاریی لەمەڕ چەند کەس لە زانایانی بۆکان گرتوتە بەر. لە کتێبەکەدا سەرجەم ژیاننامەی ٢٩ کەسایەتی و هەروەها لیستەی ناوی ١٥ مۆسیقار و گۆرانیبێژ و بەیت چڕی لە کتێبەکەدا هێناوە، کە هەندێکیان ناوچەی بۆکان دەگرنەوە.

بەداخەوە کتێبەکە شێوازێکی رێک و پێکی نییە و گەلێک بابەتی بە تێکەڵاوی و شێواوی تێدا گردوکۆ کراوە، بەڵام هەرچۆنێک بێت ژیاننامەی ئەم کەسایەتییانەی ناوچەی بۆکانی تێدا نووسراوە :

١. سەید کامیل شا ئیمامی (ئاوات)        لاپەڕە ٥٧ تا ٧٣

٢. مەلا عەبدالکریم مستەفاپوور (شاریکەندی)        لاپەڕە ١٧٧ تا ١٨١

٣. مەولانا مەلا مارف کۆکەیی        لاپەڕە ١٩٥ تا ٢١١

٤. خاڵە مینی بەرزەنجی (پارچە شیعرێک)        لاپەڕە ٢٠٩ تا ٢١٢

٥. ناوی حەسەن زیرەک و چەند گۆرانی بێژی دیکەی موکریان لە لاپەڕە ٢٦٥ و ٢٦٦ دا هاتوە.

هەروەها لە بەشی تایبەت بە مەلا مارفی کۆکەیی دا، پارچە شیعرێکی خاڵە مین بە ناوی "کۆکە" چاپ کراوە، کە پێم باش دەبوو لێرەدا بڵاو بکرایەتەوە بەڵام لەبەر هەڵە و پەڵەی گەلێک زۆر، خۆم لێ بوارد. گوندی "کۆکە"، شوێنی لە دایکبوونی مامۆستایان مەلا مارفی کۆکەیی، خاڵە مینی بەرزەنجی و عەبباسی حەقیقییە و جێگەی خۆیەتی بکەوێتە بەر لێکۆڵینەوەی دواڕۆژی شیعر ناسانی ناوچەکە.

محەمەد ساڵح ئیبراهیمی (شەپۆل)، "زانایانی کورد"، چاپی چاپەمەنی محەمەدی، سەقز، ١٣٧٩[٢٠٠٠] تاران. ISBN : ٩٦٤ - ٦٧٢٠ – ٣٥ - ٨، ٢٧٥ لاپەڕە، کوردی.